خولی ئیتالیا.. ناپەلی بە زەحمەت و لە کۆتا ساتەکان توانی گەڕی بردنەوە بەرامبەر جەنەوا تەماربکات



لە خولی ئیتالیا ناپەلی بە زەحمەت و لە کۆتا ساتەکان توانی گەڕی بردنەوە بەرامبەر جەنەوا تەماربکات.

لە یاریێکی بەهێزی هەفتەی 24ی خولی ئیتالیا، یانی ناپەلی لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی جەنەوا.

تایمی یەکەم، دوای سێ خولەک یانی خاوەن یاریگا بە گەڕێکی مالینڤسکی پێشکەوت کە بە لێدانی سزا تەماریکرد، بەڵام ناپەلی هاتەوە کێشی یاریێکە و لە خولەکانی 20 و 21 بە دوو گەڕی لێدوایێک کە هێلاند و ماکتەمینای تەماریانکرد، ئەنجامەکیان پێچەوانە کردەوە.

لە تایمی دووەم، لە خولەکی 57 لەرینز کەمبە گەڕی یەکسانبوونی بە جەنەوا نوسیەوە، ناپەلی بە هیوای دووبارە پێشکەوتن بوو، بەڵام لە خولەکی 76 خوان خیسسی بەرگریکار بە کارتی سور کرایە دەرەوە.

لەگەڵ ئەوشدا تیپەکەی کەنتی نەدا و لە کۆتا سات هەیلاند بە لەدانی سزا گۆڵی تەمارکرد و سە خاڵی گرنگی بە تیپەکەی بەدەستهێنا.

سەرئەنجام یاریەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە بەرژەوەندی ناپۆلی کۆتاییهات، بەم ئەنجامە ناپۆلی بە 49 خاڵ پلەی سێیەمی ریزبەندی گرتووە و جێنەوا لە ناوچەی دابەزینە.